# ڕۆشنبیر

ژمــاره ( ٦ ) – پاییزی ٢٠١٢

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، لە هەولێری پایتەخت، ناوبەناو دەردەچێت


خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: عومـەر عەلی


## سواستیکا Swastika



لــه زمــانی سانســکرێتەوه وەرگــیراوەو لــە (ســو) واتــا (بــوون)ەوه هــاتووه، بــه مانــای خۆشــبەختی و بەختــەوەری دێت. سواستیکا نیشانەی ئاو و خــاك و بــاو ئــاگر و خــۆر و بەختەوەرییە. هێمایـەکی کۆن و زۆر بــڵاوه، بــەڕای هەنــدێ زانایان لە بنەڕەتدا هێمای خۆر بووەو ڕێگەی خۆر لــه ئاسمانـدا پیشـان دەدات، هەنـدێکی دیکـه لەو هێمایانه بەمانای خۆر یان خـودا دێـت، ئـەو هێمایـه لـه (تــرۆی)، کــه دراوی ئــەو ســەردەمەیه دۆزراوەتــەوه. هــەروەها سواســتیکا لــه شــاره کۆنــەکانی عێــراقیش دۆزراوەتەوه، وەك شاری بابل و ئاشــوور، دوای ســەردەمی بەتلیمۆسییەکان، لـه میسریش بــاو بــوو، لــه هینــدیش لــه ناوچەی سند لەگەڵ خوداکانی ویشــنۆ و شــیوا ئــەم هێمایــه دادەنــرێ. ئــەو هێمایــه لەســەر پەیکـەری هێمـا ئایینەییـەکانی جین دەبینـرێ، لـه وڵاتـی چین سواســتیکا بــه (وان) ناســراوەو سەرەتا هێمایەکی ئایینی (تـایۆ) بــووه، لــه دەســتی (لاو تێســا) دامەزرێنــەری ئــەو ئایینــەدا بووەو بەمانای هێزی خواوەندی ئەو ئایینه دادەنرێت. سواستیکا لـه ئـایینی بودایيدا یەکێکـه لـه نیشـانەکانی خۆشـبەختی، کـه لەسەر پێی بودا دیاره و هەندێ جار لەسـەر سینگی ساکیامۆنی دیاره، لەوکاتـەی لەسـەر سینگی ساکیامۆنییه بەمانای دڵخۆشییه، ئـەو هێمایـه لەڕێگـەی ئـایینی بوودایيـەوه گواسـتراوەتەوه بـۆ ژاپـۆن و چـین و پەیکـەرەکانی لامایی و تیبتی دۆزراوەتەوه. لـه وڵاتــانی ڕۆژهــەڵات لەســـەر قوماشــی ئاوریشــم بــه مانــای بەختــەوەری دەنەخشــێنرێت. هەنـدێ جـاریش لەســـەرەتای نووســـراوەکانی ئــایینی (مەسیحی)یش دەبینرێ.

## ئاواتەکانی (ڤیکتۆر هۆگۆ) بۆ مرۆڤایەتی



- ئاواتــەخوازم عاشــق بیــت، ئەگــەری عاشــقیش بــووی، عاشقی کەسێك بیت، کەوا ئـەو کەسەی بەرامبـەریش عەشقت بۆ بنوێنێ.

- ئاواتـــەخوازم کۆمـــەڵێك هاوڕێت هەبێت، لەوانه هاوڕێی خــراپ و بــاش، بێگومــان یـەکێکیان جێـی متمانـەن لای تــۆ، لەبــەر ئــەوەی ژیــان بەمشــێوەیەیە، هیــوادارم دوژمنیشت هەبێ، نه کەم و نه زۆر، بـەڕادەی پێویسـت، تـاکو هەندێ جار بیروڕاکانـت بخانـه ژێر پرسیارەوه. تاکو زیـاتر لـه پێویست لەخۆبایی نەبیت.

- ئاواتەخوازم ئارام بگری، نەك لەگــەڵ ئــەو کەســانەی کــه هەڵــەی بچــوکت بەرامبــەر دەکـەن، بـەڵکو بەرامبـەر ئـەو کەسانەی کـه هەڵەی گـەورەت بەرامبەر دەکەن.

- ئاواتـەخوازم ئەگـەر گـەنجی بەخێرایی کامڵ نەبیت، ئەگەر کامڵیشی خۆت به گەنج پیشان نــەدەی، ئەگــەر بەساڵاچــووی نەبیتــه دیلـی بـێ ئومێـدی، چونکه هـەر تەمـەنێك خۆشی و ناخۆشــی خــۆی هەیــه، هیــوادارم ســەگێك بلاوێــنی، باڵندەیـەك تێربکـەی، گوێ لـه ئاوازەکــانی کــەناری بگــری، چــونکه لـــەم ڕێگەیـــەوه هەســـتێکی جوانــت دەبــێ... بەخۆڕایی.

- ئاواتـەخوازم پـارەت هـەبێ، چــونکه بەڕاســتی پێویســته، ســاڵی جارێــك پارەکانــت بەرامبــەر خــۆت دابنێیــت و بڵێیت: ئەو سامانی منه، لەبەر ئــەوەی بزانــی کامتــان لەســەرووی ئەویترتانەوەیــه، کۆتا ئاواتیشم ئەوەیه، ئەگـەر کچی کوڕێکی باشت به قسمەت بێـت، ئەگـەر کوڕیشی کچێکی باشـت بـه قسمەت بێـت، تـاکو ئەگـەر سبەی مانـدوو بـوون، یان دوو سبەی دڵشاد و شادمان بــوون، دیســان باســی عەشـق بکەنــەوه، تــاکو ســەرلەنوێ دروست ببێتەوه.

## وتەی ناوداران لەبارەی ڕێزەوە

- ئەوەی چاوەڕوانی ڕێزلێنـانی خەڵکـه، دەبـێ خۆیشـی ڕێـزی خــەڵك دابــین بکــات. (مۆنتسیکۆ)

- چــاوەڕوانی ڕێزلێنــان لــه خەڵك مەکه، تاکو ئـەو ڕێـزەی لێــت دەگـیرێ شـیرینتربێت. (جەواهیر لال نەهرۆ)

- ڕێزگرتن له خەڵك ڕێزگرتنه له خۆت. (پیرەمێرد)

- لەکاتێکـدا یـەکێك یـەکێکی خـۆش دەوێـت، کـه ڕێـزی لـێ بگرێت. (دیل کارنگی)

- مــرۆڤ ڕێــز لــه ئاسمــان دەگرێــت، چــونکه بەدەســتی نەهێناوه. (شیللەر)

- ئەگـەر یـەکێك لـه منداڵییـەوه فێــری ڕێزگــرتن نــەکرابێ، چــاوەڕوانی ڕێزگــرتن لــه گـەورەکانی مەکـه. (هێنـری میلەر)

## ڕێزگرتن لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان



وەك ڕێزلێنانێك له موسڵمانانی جیهان، (میشێل ئۆباما) خێزانـی سـەرۆکی ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لـه دوا دەرکەوتنیـدا لـه مـانگی پیرۆزی ڕەمەزانی ئەمساڵدا، بـه سەرپۆشـەوه وێنەیـەکی گیراوه، کـه ئەمـەش بـووه جێگەی سەرنجی زۆربەی کەناڵه جیهانییـەکانی ڕاگەیانـدن، بەتایبـەتی لـه وڵاتانی موسڵماندا.

## (سپەیس ستوون) سکاڵا لە هەولێرو دهۆك و سلێمانی دەکات

کــەناڵی ســپەیس ســتوون کــەناڵێکی عەرەبییــه، کــه تایبەتــه بــه منــداڵان، ئــەو کەناڵه ڕیکلام بۆ کۆمەڵێ یاری منداڵانــه دەکـا، هەریـەك لـه پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سـلێمانی، سـوپەرمارکێتێکیان کردووەتـەوه بـەناوی سـپەیس سـتوون، کـه یـاری منـداڵان دەفرۆشــن، بەڕێوەبــەری کەناڵەکــەش دەڵێــت: ئــەو یارییانــەی کــه لــەو ســوپەرمارکێتانەی هــەرێمی کوردســتان دەفرۆشــرێته هاوڵاتیــان هــەمووی یــاری ساختەو لاساییکەرەوەن، بۆیـه داوا لەو سێ پارێزگایـه دەکات، کــەوا یــان نــاوی ســوپەرمارکێتەکه بگــۆڕن یــانیش دای بخــەن، ئەگــەرنا سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو سێ پارێزگایه تۆمار دەکات.

# سمۆرە

ئامادەکردنی: عومەر عەلی

**بەشی یەکەم**

ناو: سمۆرە.
ڕیز: شیردەرەکان.
بنەماڵە: سمۆرەکان.
ڕەگەز: نێر و مێ.
نـــــاوی زانســــتی: Sciurusanomalos

سمۆرە جۆری زۆری هەیە لە جیهان، بەڵام ئێمە تەنها باسی یەك لەو جۆرە دەکەین، کە ئەویش جـــــۆری Sciurusanomalos ئەم جۆرە لە چیاکانی زاگرۆس لە باشووری کوردستان هەیە، هەروەها لە هەردوو دیوی سنووری کوردستـــانی عێـــراق و ئێـران هـەتا باشـووری چـیاکانی زاگـرۆس لـە ئێران. جگە لەم ناوچەیە لـە قـەوقاز و تورکیـا و ســـوریا و لوبنــــان و فەلەستین بڵاوبوونەتەوە، ئـەو ئاژەڵـە جوانـە بـە زۆری لەسەر داری بەڕوو دەبینـــرێ، داری پــیرو بـەرزی پـێ خۆشـترە لـە داری پڕ گەڵاو بەرز. ئەو سمۆرەیــە جەســـتەیەکی مامناوەنـدی و کلکێکــی درێژ و تـوکنی هەیـە، کە درێژی کلکی لە جەستەی زیـاترە، تـوکی پشـتی ڕەنگـی خۆڵـەمێش و مەیلـەو قاوەییـەو ژێـر سکی زەردە، ڕەنگی توکی سـەر و پشـتی خەنـەیی



ســوورەو ژێــر کلکی خەنـەیی کاڵە، چەند لە بـاکوری کوردســتان بـۆ باشـــووری کوردســـتان بـڕۆین، ژێـر کلکی ئـەم سمۆرانە کاڵتـر دەبێتەوە.

درێژی سـەرو جەسـتەی: ١٩٢ — ٢٣٠ ملم
درێـژی کلکـی: ١٢٨ — ١٣٨ ملم
درێژی پێی: ٥١ — ٥٥ ملم
درێژی گوێچکەی ٢٧ — ٢٩ ملم
کێشی: ٧٢ — ٧٠٠ گم.

تەمـەنی هەشـت سـاڵە، بـەڵام ئەگـەر لـە ماڵانـدا بەباشی بـەخێو بکرێـت، تەمـەنی دەگاتـە بیست ساڵ. سمۆرە بە جەستەی لوولەیی و کلکی گسکی و توکن و پێی، کە توانای گرتن و چڵ و لق و پۆپی دار، لە فرتێنەرەکانی تر جیا دەکرێتەوە. دەستی سـمۆرە کورتـەو چـوار پەنجـەی هەیـە، بـە پێچـــــــــەوانەی پێیەکانییەوە، کە درێژە و پێـنج پەنجـەی هەیـە، سمۆرە بە زۆری بـەڕۆژ، چالاکتـرە. چاوی سمۆرە دەتـوانێ لـە دوورەوە ڕاوچـی ببـینێ، هـەموو سمۆرەکان لەسەر سەریان و لە پێیەکانیان توکێکی هەسـتیاریان هەیـە، کـە زۆر پێویسـتیان پێیـەتی، دانەکانی سمۆرە هەروەکو ددانـی فرتێنـەرەکانی دیکـە ئاسـاییە، سمـۆرە جـووتێ ددانـی برەبـڕو کاکیلـەی هەیـە، ددانـە برەبڕەکـانی هــەموو کاتێك لە گەورەبووندایە، سمۆرە کاتێ لە دار دێتە خوارەوە هەموو جەستەی شـۆڕ دەکاتـەوە، تـەنها پێیـــەکانی لەســەرەوە دەمێنێ.

⋆ ئەرکی کلکە توکنەکەی سمۆرە:

یەکـــــەم: بـــــۆ هاوسەنگکردنی جەستەی لەکاتی ڕۆیشتن و لە دار هاتنە خوارەوە.

دووەم: لەکاتی بازدان.

سێیەم: کاتێك پـەیام بـۆ هاوڕێکانی دەنێرێت.

چــــوارەم: بـــــۆ دوورخستنەوەی مێرووله لەخۆی، لەکاتی نووستن.

سمـۆرە لـەکاتی خـواردن لەسەر هەردوو پێیەکانی دادەنیشێت و بە هـەردوو دەستی خـواردن دەخوات، سمۆرەکـان لـە بنەڕەتـدا گیـاخۆرن، بـەڵام نـاوکی هەموو میوەیەك دەخۆن، جۆرێکی دیکـەی سمۆرە مێرووله دەخۆن.

# خەو بۆ گەورەکانیش پێویستە



ئامادەکردنی: عومەر عەلی

ئێمـەی مـرۆڤ یـەك لەسـەر سـێی ژیانمـان بـە خـەوتن دەبەینـە سـەر جـا ئەگـەر بتـــەوێ لـــە کارەکانتـــدا سـەرکەوتوو بـی، دەبـێ بـە ڕادەیەکی پێویست بخەوی، ئـەو ژوورەی کــە لێـــی دەخەویت.

١. نابێ هیچ ئامێرێکی تێدا بێت، کە هیچ شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی تێدا بێت.

٢. ئەو ژوورە نابێت پلەی گەرمی لە شازدە پلە زیاتر بێت. مـرۆڤ لـە خـوار چـل ساڵ زۆر ئاساییە، بیست و چوار کاتژمێر کـار بکات بەرامبـەر بـە دوو سـەعات خـەوتن، بـەڵام لەسـەرووی چـل سـاڵ لای کـەم دەبـێ پێـنج سـەعات بخـەوێت، مـرۆڤ پێویستی بە حـەوت هەشت سەعات خەو هەیە، کاتێك شەوانە مرۆڤ خەوی لێ ناکەوێت پێویستە کتێب بخوێنێتـــەوە تـــاکو ئـــەو وزەیــەی کــە لەلەشــیدایە سەرف بکات، چونکە چاو لە هەموو بەشەکانی تری لەش وزەی زیاتر سەرف دەکات.

# زانیاری هەمەڕەنگ




⋆ گوێی چەپ بەهێزترە لە گوێی ڕاست.

⋆ بەپێی سـەرژمێری ساڵی (٢٠٠٦) شەسـت و پێـنج ملیـۆن کـەس ناویـان (موحەممەد)ە.

⋆ مێشـکی مـرۆڤ ڕۆژانـە (٨٦) ملیۆن زانیاری تۆمار دەکات.

⋆ ئەگەر (لیك) لـەناو دەم نـەبێت، ئـەوا چێـژ لـە خواردن ناکەیت.

⋆ پـرچ دوو ڕۆڵـی هەیـە: یەکەم جوانی مرۆڤ، دووەم گەڕاندنەوەی گەرمی.

⋆ بۆ ئـەوەی حـەوت سـەد گـرام کێشـت زیـاد بکـات، پێویستە نـۆ کیلـۆ پەتاتە بخۆی.

⋆ مێروولـەش وەکو مـرۆڤ باوێشك دەدات.

⋆ زەردواڵـە ڕەنگـی سـپی خـۆش دەوێـت و ڕەنگـی قاوەیی تووڕەی دەکات.

⋆ جۆرە بۆقێك لەناو لەشی ئەوەندە ژەهری هەیە، کە دوو هـەزار و دووسـەد مرۆڤ بکوژێت.

⋆ مێرووڵـەکان دەزانـن بژمێرن.

⋆ یەك لەسەر سێی کێشی ژن ماسولکەیە.

⋆ دوو لەسەر سێی کێشی پیاو ماسولکەیە.

⋆ دووپشـك دوو دوژمـنی هەیـە، یـەکێکیان مێشـەو ئـــەویتریان جـــۆرە ڕیشۆڵەیەکە.

⋆ ئەســــــکیمۆکانیش ساردکەرەوە بـەکار دێنن، بـــۆ ئــــەوەی خواردەمەنییـــــەکانیان شەختە لێی نەدا.

⋆ زۆربـەی خـەڵك بـە کەمتر لە حەوت خولەك خەویان لێ دەکەوێت.

⋆ ســـەدا هەشـــتای ئەمریکییەکان حەزیان لە ڕەنگی شینە.

⋆ گەورەترین گوڵی جیهان ناوی فلۆزیایە.

⋆ ڕەنگـی شـین مێشـوولە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.

⋆ کـاتی پیـاز وردکـردن بنێشت بجوی فرمێسـك ناڕێژی.

⋆ کرمی ئاوریشم لەماوەی ٥٦ ڕۆژدا هەشتاوشـــەش بەرانبەر کێشی خۆی زیاد دەکات.

⋆ زۆربـــەی فرۆکاکـــان کورسی ژمارە ١٣یان نییە.

⋆ دووپشـك دەتـوانێ سـێ ساڵ بێ خۆراك بژی.

# کاری پێشووی ئەم کەسایەتییە ناودارانە

- جاك لندن: کرێکاری کەشی.
- ئەبراهام لینکۆلن: داربڕ.
- لیندۆن جانسۆن: بۆیاخچی پێڵاو.
- چارلس دیکنز: سکرتێر.
- سامۆئێل مۆرس: وێنەکێش.
- هانریش هیملەر: دوکاندار.
- هوشی مینە: نانەوا.
- ژاندارك: شوان.
- واڵت دیزنی: شاگردی دوکاندار.
- هاوارلد فاست: کرێکاری سادە.


والت دیزنی


هوشی منە


ئەبراهام لنکۆلن



هاوارلد فاست


ژاندارك


جاك لندن


چارلس دیکنز

# تۆماس ئەدیسۆن



**ئامادەکردنی: عومەر عەلی**

**بەشی دووەم**

ئەدیسۆن لەکۆتایی تەمەنیدا بوو بە دەوڵەمەندترین پیاوانی ئەمریکا، ئەو ماڵ و سەروەت و سامانەی بۆ تاقیگەکەی تەرخان دەکرد، ڕۆژێك لە بنکەی ئاگرکوژێنەوەوە پەیوەندی بە کوڕەکەی ئەدیسۆنەوە دەکەن، کەوا ئاگر بەربووەتە تاقیگەکەی باوکت، کوڕەکەی وتی: با بەم شەوە، باوکم ئاگادار نەکەمەوە، نەکا دیق بکا... کاتێك گەیشتە لای تاقیگەکەی باوکی، سەیری کرد، باوکی دانیشتووەو سەیری ئاگرەکە دەکات. کوڕەکەی نەچووە پێشەوەو وتی: لەوانەیە ئێستا باوکم زۆر تورە بێت، لەناکاو ئەدیسۆن بانگی کوڕەکەی کردو وتی: کوڕەکەم ئەوە لێرەی، دەبینی بڵێسەی ئەو ئاگرە چەندە جوانە؟ وابزانم ئەم ئاگرە لەسوتانی گۆگرد و فسفۆرە... ئەدیسۆن وتی: کەم کەس لە ژیانیدا ئەم دیمەنە جوانە دەبینێ، کوڕەکەی گێژ بوو و وتی: باوکە تۆ هەموو ژیانت لەناو ئەو ئاگرە دەسووتێ، ئینجا دەڵێی سەیری بڵێسەکەی بکە. باوکی وتی: کوڕم ئێستا نە من و نە تۆ هیچمان پێ ناکرێ، ئاگرکوژێنەوەکان ئەوەتا هەوڵ دەدەن، تۆ جارێ سەیری بڵێسەی ئاگرەکە بکە، بەیانی بیرلە سوتانی تاقیگەکە دەکەینەوە. با ئەم بڵێسە جوانانەمان بیر نەچێ. ئەدیسۆن لەدوای ساڵێك دەستی بە کارکردن کردەوە، لە تاقیگە تازەکەیداو گەورەترین داهێنانی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، کە ئەویش دروستکردنی ئامێری تۆمارکردنی دەنگ بوو.

# مێشکی مرۆڤ

**ئامادەکردنی: عومەر عەلی**

**بەشی سێیەم و کۆتایی**

هەر وەك لە ژمارەکانی ڕابردووی بڵاوکراوەکەماندا باسی چەند کارێکی مێشکی مرۆڤمان کرد، لەم ژمارەیەشدا دوا بەشی بابەتەکە بڵاودەکەینەوە، کە تایبەتە بە باسکردنی هەندێ کاری تری لای چەپی مێشك.

لای چەپی مێشك: لای ڕاستی جەستەی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات، حەزی لە بیرکاری و فەلسەفەیە، بەرنامە دادەڕێژێت و ڕووبەڕووی گرفتەکان دەبێتەوەو شییان دەکاتەوە، حەزی لە گۆڕانکاری ژیان نییە، بەڵکو حەزی لێیە، کەوا ژیانی دارێژراو بێت، لە ڕەخنەی دەوروبەر دەترسێت و خەریکی وردەکارییە، پەلە دەکات و ڕاناوەستێ، تەنیابەقسەکردن باسی شتەکان دەکات، تاقەتی وێنەونموونەهێنانەوەی نییە، توانای خەیاڵی نییە، توانای مۆسیقاژەنین ونیگارکێشی نییە، سەنتەری لەبەرکردنی ژمارەو پیتەکانە. هەرچەندە لای چەپ ناتوانێت ئەم هەموو شتە بکات، بەڵام لای زانایان ئەم بەشە چالاکترە تا لای ڕاست.


★ بەربەستەکانی بەهێزکردنی لای چەپی مێشك:

- بیرکاری ماندووم دەکات و نابێ نزیکی بکەومەوە.
- گرنگیدان بە وردەکاری واتا بەفیڕۆدانی کات.
- نووسینی شتەکان لەکاتی خوێندنەوە کات دەگرێت و ماندووم دەکات.

★ ڕێگەکانی بەهێزکردنی لای چەپی مێشك:

- وشەی یەکتربڕ پڕبکەوە.
- هەموو ڕۆژێك بۆ کارەکانت بەرنامە دابڕێژە.
- کاتی خوێندنەوە شتەکان کورت بکەوە.
- کارەکانت دابەش بکە بەسەر چەند قۆناغێك دواتر قۆناغەکان یەك بەیەك جێبەجێ بکە.
- یاری شەترەنج بکە.
- خوێندنی بیرکاری و فەلسەفە بەشێکی بەرنامەکانی ڕۆژانەت بێت.
- فێری بەڕێوەبردن بە.
- خۆتان فێری وتارخوێندن و کۆڕ و سیمینار بکەن.

لەم جیاوازییەدا بۆمان دەردەکەوێت، کەوا هەردوو لای مێشك بەسوودە بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان. ئەم دوو بەشە ئەگەر پێکەوە نەبن کار ناکەن، ئەگەر لای ڕاست ڕاوەستێ لای چەپ ئەرکی قورس دەبێ، دەبێ کارەکانی لای ڕاستیش بکات.




# چاکە و خراپە



**نووسینی: عومەر عەلی**

جارێك وێنەکێشێکی مەسیحی وێنەی بۆ کەنیسەیەك دروست دەکرد، ئەو وێنەیە وێنەی حەزرەتی عیسا و یەهودا بوو، ئەو وێنەکێشە وێنەکەی تەواو کرد، بەڵام وێنەی حەزرەتی عیسا و یەهودای مابوو، بۆ ماوەی ساڵێك نەیتوانی مرۆڤێك بدۆزێتەوە، کە لەشێوەی حەزرەتی عیسا بێت، جارێك چوو بۆ کەنیسەکە، کە بەڵێن وابوو، وێنەکەیان بۆ دروست بکات، لەو کەنیسەیە پیاوێکی بینی، کە بە عەقڵی ئەو وێنەکێشە لە حەزرەتی عیسا دەچوو، لەسەر دەموچاوی ئەو کابرایە وێنەی حەزرەتی عیسای کێشا، لەدوای دوو ساڵ گەڕان بەدوای کەسێکی تر، کە لە یەهودا بچێ، بەڵام نەیدۆزییەوە.

لەکۆتاییدا بێ ئومێد بوو و وتی: دەچم بۆ لای قەشەی ئەو کەنیسەیەو پێی دەڵێم: ناتوانم ئەو وێنەیە دروست بکەم... لەڕێگە پیاوێکی سەرخۆشی بینی، کە لەسەر جادەکە کەوتبوو، وتی: ئەمە باشترین هەلە بۆ من، کە وێنەی یەهودا لەسەر ئەم کابرایە دروست بکەم، بەهاوکارەکەی وت، ئەو کابرایەم بۆ ببەنە شوێنی وێنەکێشانەکەم، کابرای سەرخۆش وتی: من ئەم تابلۆیەم بینیوە، وێنەکێشەکە وتی: لەکوێ؟ کەی؟ وتی: دووساڵ لەمەوبەر وێنەکێشێك داوای لێکردم، کە لەسەر دەموچاوی من وێنەی حەزرەتی عیسا دروست بکات.

Kaweni `ymtyaz u Sernûser; `Umer `Elî

# ŘOŞINBÎR

Bilawkiraweyeki Roşinbiri Giştî Serbexoye, Le Hewlêr Paytexit, Nawbenaw Derdeçet





## یاسای سه‌یرو سه‌مه‌ره‌ی وڵاتــان

١. جوینی بنێشت له سه‌نگافوره قه‌ده‌غه‌یه.
٢. سه‌یرکردنی فیلمی که‌راتی تا ساڵی ١٩٧٩ له عیراق قه‌ده‌غه بوو.
٣. سه‌ده‌یه‌ك له ئایسله‌ندا ڕاگرتنی سه‌گ له ماڵان قه‌ده‌غه بوو.
٤. له ئاریزۆنای ئه‌مریكا ڕاوكردنی وشتر قه‌ده‌غه‌یه.
٥. له دانیمارك دووجار سلف لێدانی سه‌یاره قه‌ده‌غه‌یه بێ ئه‌وه‌ی بزانی منالێك له‌ژێر سه‌یاره‌كه‌ت خه‌وتووه یان نا.
٦. له سه‌ده‌ی شانزه تا حه‌ڤده خواردنی قاوه له توركیا

## میكی مــاوس



میكی ماوس یه‌كه‌مین داهێنانی كارتۆنی سه‌ركه‌وتووی واڵت دزینی ( *Walt Disney*) نییه، به‌ڵام به دڵنیاییه‌وه به‌ناوبانگترینیان بوو، ئه‌وه بوو له‌گه‌شتێكی شه‌مه‌ندۆفێری نێوان نیویۆرك (*NewYork*) و كالیفۆرنیا (*California*) له ساڵی (١٩٢٧)دا، بۆ یه‌كه‌مجار نیگاری مشكێكی به دوو گوێچكه‌ی گه‌وره‌وه كێشا. به گریمانه‌ی ئه‌وه‌ی بیرۆكه‌كه‌ی له كێڵگه‌یه‌كی كه‌ویكردنی (ڕامكردنی) مشكان وه‌ر گرت. كه‌س به ته‌واوی دڵنیا نییه، بۆچی ئه‌م مشه به پەنترۆنێكی كورتی عاده‌تی و دوو قۆپچه و جووتێ پێڵاوی زه‌رده‌وه پۆشی، به‌ڵام ئه‌وه ده‌زانین، كه ڕاهاتبوو به‌وه‌ی كه به مۆرتیمه‌ر (*Mortimer*) ناوی ببات، تا خاتوو لیلیان (*Lillian*)ی هاوسه‌ری به‌رهه‌ڵستی لێكرد و ناوی نا میكی ماوس (*Mickey Mouse*). دسنه‌ی له‌گه‌ڵ (*Minne*)دا، نه‌خشه‌ی خستنه‌ڕووی میكی له كورته‌كارتۆنی ڕووساف و وروژێنه‌ردا كێشا. میكی ماوس به ده‌نگی پله‌كی سینه‌مای سه‌رسوڕهێنه‌ر، فیكه‌ی ده‌كێشا و گۆرانی ده‌گوت، له سییه‌كانی سه‌ده‌ی ڕابردوودا، وێنه‌ی میكی جیهانی گرته‌وه، ئه‌ستێره‌ی زه‌قی پۆپه‌ی ئه‌و چه‌رده‌یه بوو.

## BMW پێش ده‌كه‌وێت

كۆمپانیای BMW ئاشكرای كرد، كه‌وا جۆرێكی نوێی BMWی دروست كردووه، كه ته‌كنه‌لۆجیای (های برید)ی تێدا به‌كار هاتووه، ئه‌م BMW ناوی (Vision)ی لێناوه، ئه‌م كۆمپانیایه به ته‌مایه ئه‌م جۆره تازه‌یه له پێشه‌نگای نێوده‌وڵه‌تی له ئه‌ڵمانیا، له‌شاری فرانكفۆرت نمایش بكات، ئه‌م ئۆتۆمبێله كه‌مترین سوته‌مه‌نی به‌كاری ده‌هێنێت و چه‌ندان فلته‌ری تێدایه بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگه، هه‌روه‌ها ئه‌م ئۆتۆمبێله خاوه‌نی مه‌كینه‌ی (ئۆربۆدیزیل)ه، خێرایی ئه‌و ئۆتۆمبێله له‌ماوه‌ی (٤,٨چركه)دا له سفره‌وه ده‌كاته سه‌د، ڕێژه‌ی پیسبوونی هه‌وا له‌م ئۆتۆمبێله‌دا ده‌وروبه‌ری (٩٩) گرامه له‌هه‌ر كیلۆمه‌ترێكدا، جام و ده‌رگاو ته‌نانه‌ت تایه‌كانیشی وا دروستكراوه، كه له‌گه‌ڵ ژینگه ده‌گۆڕێت، واتا ئه‌گه‌ر له دارستان لێی بخوڕی ئه‌وا ڕه‌نگی سه‌وز له‌خۆ ده‌گرێت.

## پرسیار و وه‌ڵام



١. قورسایی مۆخی پیاو چه‌نده؟ ٣٥٨ گرام
٢. قورسایی مۆخی ئافره‌ت چه‌نده؟ ٢٥٨ گرام
٣. ڕه‌قترین ئه‌ندامی لاشه‌ی مرۆڤ كامه‌یه؟ ددان
٤. مرۆڤ بۆ هه‌ناسه‌دان ڕۆژانه چه‌ند هه‌وای پێویسته؟ ١٨٠م٣
٥. ژماره‌ی خڕۆكه سپییه‌كان له له‌شی مرۆڤدا چه‌نده؟ ٢٥ ملیۆن
٦. ژماره‌ی خڕۆكه سپییه‌كان له له‌شی مرۆڤدا چه‌نده؟ ٢٥ هه‌زار
٧. ته‌مه‌نی كه‌و له چه‌ند ساڵ تێ ناپه‌ڕێ؟ ١٥ ساڵ

## وشه‌كاتێر



- دڵی مرۆڤ ده‌بێ وه‌ك حیسابی بانك وابێت.
- تا له‌بیرم نه‌كردووه پێتان بڵێم، شتم زوو له‌بیر ده‌چێت.
- ڕۆژێك هه‌ردوو چاوی له‌یه‌كتر تووڕه‌بوون، بۆیه خێل بوون.
- هێڵی شه‌مه‌نده‌فه‌ر ناگه‌نه یه‌ك، به‌ڵام خه‌ڵكی ده‌گه‌یه‌ننه یه‌كتر.
- ناز تاسه‌ی كۆڵانی عه‌شقه.
- چاوه ڕه‌شه‌كانت ژیانمی ڕه‌ش كرد.
- ئه‌وه‌ی به چاوه‌كانت پێت وتم له هیچ زمانێك نه‌مبیستووه.
- نازانم بۆچی هه‌موو كه‌سێ دوو چاویان هه‌یه، به‌ڵام هه‌موو شتێك به یه‌ك ده‌بینن.

## گوڵی نێرگز

**هۆنراوه‌ی : له‌تیف هه‌ڵمه‌ت**

ناوم گوڵی نێرگزه من
به‌هاران دێمه شنه‌شن
گۆنام سپییه بێ سپیاو
خه‌نده‌م گه‌شه وه‌ك هه‌تاو
سه‌وزێكی كاڵه باڵام
له ده‌شت و چیادام
جوانترین گوڵی ساڵم
هاوڕێی گه‌وره و مناڵم
بۆ هه‌مووتان دڵسۆزم
دیاری جه‌ژنی نه‌ورۆزم
گه‌رچی كورته ته‌مه‌نم
هێنده جوانه دیمه‌نم
گشت كه‌سێ خۆشمی ده‌وێ
به بۆنه‌كه‌م ده‌سره‌وێ
گوڵی ته‌بایی و ئاشتیم
دروشمی خۆشه‌ویستیم